ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

55

10 ی ئازار/ مارس 2023

## زیندانەکانی پارتی!



**موحسین کەریم**

دیمەنی ئەو باوکەی کە لە میدیاکانەوە ڕایگەیاند کە کوڕە ١٩ ساڵەکەی لەزیندانەکانی پارتیدا ئەشکەنجە دراوەو بوتڵی پێهەڵگیراوە، تەنها لەبەرئەوەی گومانیان لێکردوە کە پشتیوانی لە داعش کردبێت، ویژدانی هەر کەسێکی هەژاند کە کەمێک بایەخ بۆ مرۆڤبوونی خۆی دابنێ.

وەکو باوکی گەنجەکە ووتی لەژێر ئەشکەنجەدا ناچاریان کردوە دان بە تۆمەتەکەدا بنێ کە بۆیان هەڵبەستوە، دەنا نە خۆی و نە کوڕەکەی نەک هەر ئیسلامی نین، بەڵکو سەردانی مزگەوتیشیان نەکردوەو بگرە خۆشیان بە مارکسی دەزانن!

بەڵام کێشەی پارتی ئەوە نیە کە کەسێکی سەر بە داعشی گرتوە و ئەشکەنجەی داوەو حوکمی زیندانی بەسەردا سەپاندوە. ڕەنگە ئەو ژینگە گشتیەی کە لەکوردستان و ناوچەکەو دنیادا هەیە دژی داعش و تاوانەکانی بەرامبەر بە خەڵکی عێراق و سوریا بەگشتی و بەرامبەر بە هاوڵاتیانی یەزیدی و مەسیحی بەتایبەتی، بەلێکدانەوەی پارتی ئەو کارە قێزەونەیان پاکانەبکات! ئەگەرچی لەڕوانگەی بنەماکانی مافی مرۆڤەوە ئەشکەنجەدانی زیندانی و دەرکێشانی دانپیانان بەزۆرو لەژێر ئەشکەنجەدا بەتاوان هەژمار

بۆ لاپەڕە ٢

## ڕاپەڕینی جەماوەری

**مەنسور حیکمەت**

بۆ لاپەڕە ١١

## ٨ی مارس، ڕۆژی ڕاوەستانەوەیە بەدژی جیاکاری و ژنئازاری! ڕۆژی توندکردنەوەی خەباتە بۆ ئازادی و یەکسانی!

لاپەڕە ١٠



## مانگرتنی چەند ڕۆژەی کرێکارانی کارخانەی گرین عێراق و دەرسێک بۆ کرێکاران!

**خەسرەو سایە**

بۆ لاپەڕە ٣



## هاوسەنگی هێزی پارتی و یەکێتی و یەکریزی کورد!

**عوسمان حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٥



## وەهم بە بەغدا، بەزیانی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەریە!!

**عبدالله محمود**

بۆ لاپەڕە ٧



## ڕژێمی ئێران خوێندکاران کیماباران دەکات!

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی............زیندانەکانی پارتی!

دەکرێ و قەدەغەیە، بەڵام مەسەلەکە هەرئەوەندە نیەو زیندانەکانی پارتی و شێوازی مامەڵەی پارتی لەگەڵ هەڵسوڕاوانی سیاسی و لایەنگرانی گروپ و لایەنە سیاسیەکانی نەیاری خۆی هەمیشە نمونەیەک بوون لە زیندان و ئەشکەنجەی رژێمە سەرکوتگەرەکان لەبابەتی رژێمی شای ئێران و جمهوری ئیسلامی و رژێمی بەعس!

پارتی ئەوکاتەشی کە وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسۆنی رژێمی عێراق و بەعس کاری کردوە، خاوەنی زیندانە بەدناوەکانی پاراستن و نمونەی قێزەونیان زیندانی ڕایات بوو. کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە بەتۆمەتی جۆراوجۆر لەلایەن دەزگای پاراستنەوە زیندانی و ئەشکەنجە دران و بگرە لەناوبران! تیرۆر و کوشتن و سوتاندنی شیوعیەکان لە ساڵانی شەستەکاندا و دواتریش، لە جەرگەی شەڕی خۆی لەگەڵ یەکێتی و لایەنەکانی دیکەدا لە کۆتایی هەفتاکان و هەشتاکاندا، تاوانی گەورەی بەرامبەر بە دیلەکانی یەکێتی و نەیارەکانی ئەنجام داوە. لە ماوەی دەسەڵاتیشیدا دوای ساڵی ١٩٩١ لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا، تاوانی بێوێنەی دژی سەرجەم هەڵسوڕاوانی سیاسی نەیاری خۆی و دژ بەلایەنە سیاسیە نەیارەکان ئەنجام داوە. ئەشکەنجەو زیندانیکردن تادەگات بە تیرۆرکردن هەمیشە بەشێک بووە و بەشێکە لە کارنامەی سیاسی ئەو حزبەو چالاکی دەزگا سەرکوتگەرو جاسوسیەکەی پاراستن و دەزگاکانی ئاسایشی پارتی.

تاوانەکانی دەزگای پاراستن و پارتی بەرامبەر بە خەلکی ناڕازی کوردستان و نەیاران و هەڵسوڕاوانی سیاسی، لەهیچ کەس شاراوە نیە، تەنانەت لە خودی پارتیەکانیش، بەڵام ئەوان بەپێی عادەت واراهاتوون کە پاکانەی هەموو کارێکی قێزەونی سەرانی پارتی و دەزگا سیخوڕیە ناوزڕاوەکەی و بنەماڵەی بارزانی بکەن. ئەوە بەشێکە لە مێژووی ئەو حزبەو کەلتور و نەریتە سیاسیەکەی. بەڵام بێمنەتیی پارتی لەو کارانەی دەزگا جاسوسی و سەرکوتگەریەکانی لەیەک دوو ساڵی ڕابرووددا پێی هەستاون؛ هەر لە زیندانیکردنی هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان لە هەولێرو بادینان و دروستکردنی کەیسی جاسوسی بۆیان تا دادگاییکردنی قەرەقوشیانەیان و سەرەنجام ئەم تاوانە قێزەونەی دواییش بەرامبەر بەو مێردمناڵە کردویانە، هەموویان بەشێکن لەو سیاسەتەی کە پارتی دەیەوێ پێبەپێ حکومی بنەماڵەیی سەرکوتگەری کوردایەتی لەسایەی زاڵبوونی بەسەر هەموو هێزە مونافیسەکانیدا لەناو خێزانی کوردایەتیدا، دابمەزرێنێ و هەلومەجێکی سیاسی و ئەمنی بسەپێنێ بەسەر خەڵکی کوردستاندا، کە چ لەئەگەری ئەوەی خۆی ببێتە حاکمی تاقانەی کوردستان یاخود لەئەگەری گەڕانەوەی بۆ باوەشی بەغدا، ئەوا زەمینەی سەرکوتی سیاسی لە کوردستان بۆ خۆی و بۆ دەسەڵاتی ناوەند مسۆگەر کردبێت.

پارتی دەیەوێ هەموو پەراوێزێکی ئازادی کە بەرهەمی قوربانی و خوێنی خەڵکی کوردستان بووە لەماوەی دەیان ساڵی ڕابرووددا نەهێڵێ. پارتی بەشێکە لە مەنزومەی دەسەڵاتێکی سیاسی سەرکوتگەر و دژە ئازادی و خەسڵەت و پێکهاتەی هێزەکەشی بەوجۆرە بارهاتوون. بۆیە ئەگەر خەڵکی کوردستان رێی لێنەگرن، ئەوا دەبێ چاوەڕوانی دەسەڵاتێکی لەبابەتی بەعس و جمهوری ئیسلامی و دەوڵەتی تورکیا و ئۆردگان بکەن لەفۆرم و جلوبەرگی کوردیدا! ئەو تاوانەی دژی مێردمناڵەکەی هەولێر بەسە بۆئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیاری هەڵپێچانی بارگەوبنە و دەسەڵاتی ئەم حزبە سەرکوتگەر و ستەمگەر و دژە ئازادیە بدەن. تا ئەم بڕیارە درەنگ بکەوێ، ژمارەی قوربانیەکانی ئەم حزبە و دەسەڵاتە ملهوڕو سەرکوتگەرەکەی زیاتر دەبێت.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# مانگرتنی چەند ڕۆژەی کرێکارانی کارخانەی گرین عێراق و دەرسێک بۆ کرێکاران!

## خەسرەو سایە

بەم دواییانە کرێکارانی کارخانەی گرین عێراق، دەستیاندایە مانگرتنێکی چەندڕۆژە. ئەم مانگرتنە، جگەلەوەی نیشانەیەک لەهوشیاربوونەوەی کرێکاران بە دۆخی کاریان و ئەو زوڵم و زۆرەی کە لەلایەن خاوەنکارەوە ڕۆژانە بەسەریاندا سەپێندراوە، بەرجەستەدەکاتەوە. هاوکات بەدوای دەورەیەک لەناڕەزایەتی و هەوڵی کرێکاراندا دێت، بۆ باشکردنی دۆخی کار و گەیشتن بەکۆمەڵێک داخوازی، لەوانە؛ زیادکردنی کرێی مانگانە، کەمکردنەوەی سەختیکار، نەهێشتنی زێدەکاری، دابینکردنی ڕۆژانی پشوو و مۆڵەتەکان، بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی کارو شوێنی حەوانەوەو .. ئەمە جگە لەو بێزاریەی کەکرێکاران دەریان بڕیوە بەرامبەر بەو مامەڵە نائینسانی و بەکەمگرتنەی کرێکاران و دەستبردنی بەڕێوەبەرانی کارخانەکە، بۆ بەگژداکردن و پەرتەوازەکردنی کرێکاران.. لەجەرگەی ئەم دۆخەو هەوڵەکاندا، کرێکاران توانییان لیستی داخوازیەکانیان لە١٢ خاڵدا گەڵاڵە بکەنەوە و بیخەنە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی کارخانەکە و داوای دانوسان و گفتوگۆ بکەن، بەڵام بەڕێوەبەرانی کارخانە، بەپێچەوانەی خواست و هەوڵی کرێکارانەوە و بەمەبەستی سەرکوت و پاشەکشەپێکردن بەکرێکاران، بڕیاری لەسەرکاردەرکردنی دوو کەس لە نوێنەرانیان دەرکردو ئەمەش بووە مایەی دەستکێشانەوەی خێرای کرێکاران لە کارو ڕاگەیاندنی مانگرتنەکەیان.

لەڕۆژی یەکەمدا سەرەتای مانگرتنەکە بەکۆبوونەوە لەبەردەم کارخانەدا دەستپێکرد. خاوەن کارخانەکە کە گەمارۆی کرێکارانی دابوو، ڕێگەیبەست لەوەی هەواڵی مانگرتنەکە لەمیدیاکانەوە بڵاوببێتەوە. پاشان کەوتە هەڕەشەی لەسەرکار دەرکردنی کرێکارنی مانگرتوو، بەوەی هەر کرێکارێک مانگرتن نەشکێنێ و نەگەڕێتەوە سەرکارەکەی ئەوا لەسەر کار دەردەکرێت. بەڵام کرێکاران بەهەوڵی خۆیان توانییان هەواڵی مانگرتنەکەیان بەناردنی وێنەو ڤیدیۆ لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوبکەنەوە. هاوکات بەسوربوونیان لەسەر خواستەکانیان، بەتایبەتی سوربونیان لەسەر خواستی گێڕانەوەی نوێنەرە دەرکراوەکانیان بۆسەرکار، فشارێکی گەورە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی کارخنەکە دابنێن. ئەمەش بەو هۆیەوە کە ئەگەر مانگرتنەکە درێژەبکێشێت ئەوا ڕۆژانە بەملیۆنان دینار کارخانەکە زەرەمەند دەبێت. لەسەرێکی ترەوە هەوڵەکانی کرێکاران بۆ پەیوەستبوونی کرێکارانی شیفتەکانی تر، بووە مایەی ڕاوەستان و ئیفلیجکردنی یەکجاری کار لەکارخانەکەدا. بەتایبەتی لەڕۆژی دووهەمی مانگرتنەکەدا. مانەوەی کرێکاران تائێوارەیەکی درەنگ لەبەردەم کارخانەکەدا، بیرۆکەی گۆڕینی مانگرتنەکە بەپیکیتی ناڕەزایەتی بەردەوامی هێنایەکایەوە و کرێکاران سەر لەئێوارەی درەنگ هەوڵیاندا خەیمە هەڵبدەن و شەو بمێننەوە، بەڵام بەڕێوەبەری کارخانە بەڕاکێشانی هێزەکانی ئاسایش بۆسەریان ئەم کارە سەری نەگرت. بەم حاڵەشەوە سووربونی کرێکاران لەسەر خواستەکانیان لەلایەک و پێداگری بەڕێوەبەرانی کارخانە لەسەر هەڕەشەکانی خۆی، بەڕادەیەک هاوکێشەی هێزی نێوان هەردولای لەچەقبەستنێکدا ڕاگرت، کە بەڕێوەبەرانی کارگەی ناچارکرد پەنا بۆ کەسوکاری کرێکاران بباو لەهەوڵی هەڵخراندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت تا کرێکارە مانگرتوەکان بخاتە ژێر فشاری کۆمەڵایەتیەوە و ناچاریان بکات بەشکاندنی مانگرتنەکەیان. بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت.

لەڕۆژی دواتردا مانگرتنی کرێکاران بەوپەڕی خۆی گەیشت و دەستی نوێنەری سەندیکاو وەزارەتی کاری هێنایە ناو هاوکێشەکەوە.

ئەمەش بۆئەوەی ناڕەزایەتی کرێکاران خاوبکەنەوەو ڕێگەبگرن لەوەی کە پڕیشکی مانگرتنەکە بپەڕێتەوە بۆ کارگەو کارخانەکانی تر، بەتایبەتی کە کارگەی گرین عیراق، لەناوچەیەکی پیشەسازی وەک بازیاندایەو ژمارەیەکی زۆر لەکۆمپانیاو کارگە وەبەرهێنان دەکەن. سەندیکا وەک عادەتی هەمیشەیی، بەجیا لەڕۆڵ و دەوری کرێکاران خۆیان، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارخانەدا کۆبووەو هیچی پێنەکرا، بەڵام ئەو لیژنەیەی کە وەزارەتی کار ناردبووی، پاش ئەوەی سەردانی کارخانەکەی کرد، گوێی بۆ قسەو داوای کرێکاران گرت و دواتر بەبێ نوێنەرانی کرێکاران لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی کارخانەکەدا کۆبوەوە و لەئەنجامیشدا بەکرێکارانی ڕاگەیاند کە لیژنەکە لەگەڵ بەرێوەبەری گشتی کارخانەکەدا کۆدەبێتەوەو هەوڵدەدات نێوەندگیری بکات تا کێشەی هەردولا بەئەنجامێک بگەیەنێت.

دروست لەنێوەندی ئەم کۆبوونەوانەدا بەڕێوەبەری کارخانە ڕاگەیاندنێکی بەنێو کارگەدا بڵاوکردەوەو تێدا، جگەلەوەی ئامادەیی بۆ جێبەجێکردنی هەندێک لەخواستەکانی کرێکاران نیشاندا، لەوانە کەمکردنەوەی سەختی کار بەزیادکردنی کرێکاری زیاتر لەسەر

مەکینەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان و پشوو.. ڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەوەی بەگوێی کرێکاراندا دا کەهەر کرێکارێک نەگەڕێتەوە سەرکارەکەی لەسەر کار دەردەکرێت. لەسەر نوێنەرەکانیش بەڕێوەبەرانی کارخانە ملیان بەگێرانەوەی یەکێکیان دا بەوەی کە کێشەکەی جیاوازە و دەتوانرێ بۆگەڕانەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، بەلام ئەوەی تریان بەپاساوی هەڕەشەکردن ناخرێتەوە سەرکار. ڕاگەیاندنەکە لەگەڵ ئەوەدا کە فشاری زۆری مانگرتنەکەی بەسەرەوە بوو، بەڵام تاکتیکی تاک بەتاککردنی کرێکارانی کردبوە ئامانج. ئەمەش بەوەی داوای لەهەر کرێکارێک کردوە کەوەک خۆیان بڕیار لەسەر تەسلیمبوون بە بڕیاری بەڕێوەبەری کارخانەکە بدەن. بەتایبەتی کە بەڕێوەبەران ئامادە نەبوون نوێنەرانی کرێکاران بەڕەسمی بناسن و لەگەڵیاندا بکەونە دانوسانەوە. لەسەرێکی تریشەوە، کرێکاران خۆیان ئامادە نەبوون بەدیاریکردنی نوێنەرەکانیان ئەمەش بەیەکجاری هاوکێشەی هێزی کرێکاران و خاوەن کارگەی لەمانگرتنەکەدا گۆڕی و دودڵی و دڵە ڕاوکێی لەنێو کرێکاراندا پێکهێناو ئەوەی لێکەوتەوە کە کرێکاران پەنابەرن بۆ نوسینەگەی پاڤێل تالەبانی، بەلام دوای ئەوەی ئەم هەوڵە بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشت، هاوکات دەخالەتی لیژنەکەی وەزارەتی کاریش بەقازانجی کرێکاران و مانگرتنەکەیان هیچی لێ سەوز نەبوو، ئەو دودڵیەی کە کرێکاران لەڕاستای درێژەدان بەمانگرتنەکەدا هەیان بوو، لەئێوارەی سێهەم ڕۆژی مانگرتنەکەدا بەو ئەنجامە گەیشت کەسبەی بگەڕێنەوە سەرکار و بزانن بەڕێوەبەرانی کارخانە لەسەر ئەو بەڵێنانەی کەدابوویان چ هەنگاوێک هەڵدەگرن. بەمجۆرە کرێکاران لەترسی لەسەر کار دەرکردن و هەڕەشەیەک کەلێیان کرابوو چونەوە سەرکار.

ئەگەرچی مانگرتن کۆتایی هات، بەڵام ناڕەزایەتی کرێکاران لەسەر دۆخی کارو ئەو خواستانەی کەهەیانە لەشوێنی خۆیدا ماوەتەوە، کەلەداهاتودا بەدڵنیاییەوە شێوازی گونجاو بەخۆیەوە دەگرێ. ئەم مانگرتنە چەند ڕۆژەیەی کرێکارانی کارخانەی گرین عێراق، لەگەڵ ئەوەدا کە نەیتوانی بەهەموو خواستەکانی خۆی بگاو لەنیوەی ڕێگادا ڕاوەستا، بەڵام بێدەستکەوت نەبووە و هەڵگری دەرسێکی گرنگە بۆ کرێکاران، کەپێویستە تەئکیدی لەسەر بکرێ و بۆ خەباتی داهاتوو بەدەستەوە بگیرێن. لەوانە:

١/ بێگومان مانگرتنی کرێکارانی کارگەی گرین عێراق، لەفەزای سیاسی کوردستاندا و لەدۆخێکدا کەقەیرانی ئابوری و حکومەتی یەخەی بەچینی دەسەڵاتدار گرتوە و ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ نان و کارو مەعیشەت هێناوەتەکایەوە، نیشانەی پێشڕەوییەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتیە کە کرێکاران وەک چینێکی ناڕازی لەدژی سەرتاپای سیستەمێک کەدەسەڵاتی کۆمپانیاکان و خاوەنکارەکانی بەسەر ژیان و بژێوی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا سەپاندووە. پەرەگرتن و فراوانبوونەوەی مانگرتنە کرێکاریەکان بەدڵنیایەوە فاکتۆرێکی بەهێزە بۆ پایەداربون و سەرخستن و جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کە نیشانەی لەدەسەڵات گرتووە. لەسەرێکی ترەوە مانگرتنی کرێکارانی گرین عێراق، وەک ئەوەی کەتەنها لەیەک کارخانەدا قەتیس ماو لەدەورەی مانگرتنە کرێکاریەکان لەئاست کارگەو کارخانەکاندا سەری هەڵنەدا و خۆشی نەیتوانی ببێتە پریسکێک بۆ کارگەکانی تر، بەپێویست لەهێز هاوسەنگیەکی بەرتەسکدا، مایەوە و دەبوایە لەحساباتی هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی کرێکاراندا بەهەند وەربگیرایە. بەتایبەتی بەشێک لەخواستەکانی کرێکاران خواستی زۆربەی کرێکارانی کارگەکانی ترە. واتە دەبوایە بەر لەمانگرتنەکە مەسەلەی ڕاکێشانی هاوپشتی کرێکارانی کارگەکانی تر کەخواستی هاوشێوەیان هەیە، لانی کەم زامن بکرایە.

٢/ هێزی چینی کرێکار لەڕێکخراوبونەیدا. مانگرتنی کرێکارانی کارگەی گرین عێراق لەگەڵ ئەوەدا کەئاستێکی باشی لەیەکگرتوویی کرێکاران و جەسارەتیان لەخۆنیشاندا، بەڵام ئەم یەکگرتووبوون و جەسارەتە لەڕێکخراوبونێکی پایەداردا بەرجەستە نەبووەوە. بەدڵنیاییەوە یەکگرتووبوونی کرێکاران لەهەر مانگرتنێکدا خاڵێکی گرنگ و بڕیاردەرە، بەڵام ڕێکخراوبوونی پایەداری کرێکاری، لەشێوەی کۆبوونەوەی گشتی مونەزەم و بەردەوامدا، لەهەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەرانی کرێکاری بەرجەستە، کە پشتیوانی سەرجەم کرێکارانی لەپشت بێت، کارێکە کەهەر بەسەردەمی مانگرتنەوە پەیوەست نابێتەوە. ڕێکخراوبوونی پایەداری کرێکاری لەکۆبونەوە گشتیەکان و دیاریکردنی نوینەران، لەوڕووەوە گرنگە کەڕەوتی ناڕەزایەتیەکان ڕابەری دەکاو بڕیاری کرێکاران بۆ درێژەدان بەمانگرتن و کشانەوە و دانوسانەکاندا، خاڵێکی سەرەکیە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی هەرمانگرتنێک و گەیشتن بەخواستەکان. بەداخەوە لەم مانگرتنەدا، کرێکاران خاوەنی نمونەیەکی زەعیفی ئەم سونەتەبوون، تارادەی ئەوەی کە بڵێن: "هەڵبژاردنی نوێنەرمان ناوێت"، هەربۆیە کاتێک نوێنەرانی سەندیکا و لیژنەی وەزارەتی کار لەگەڵ بەڕێوەبەری کارخانەدا بۆ چارەسەری کێشەکە کۆبوونەوە، تەرەفی ئەوان غائیب بوو. وە لەئەنجامدا بەڕێوەبەران و لیژنەی وەزارەتی کار لەپشتی کرێکارانەوە بڕیاریاندا. هەروەها بەهۆی نەبوونی کۆبوونەوەی گشتی مونەزەم تا بڕیار لەسەر هەنگاوەکان بدات، مانگرتنەکەی خستە نێو خۆشخەیاڵیەکەوە کە پشت لەهێزی خودی کرێکاران بکات و بەرەولای نوسینگەی تالەبانی ڕاکێشێت.

/٣ لیستی داخوازیەکان، سەرەرای بەرهەقبونیان، بەڵام بەشێکی زۆریان، لەتواناو هێزی بەدیهێنانی مانگرتنەکەدا نەبوو، کەدەبوایە لەسەر ئەوانە تەئکید بکرایە کەقابیلی جێبەجیکردن بوو. تەنانەت بەدیهێنانیان گروتینێکی زۆرتریان لەنیو کرێکاراندا جێدەخست. ئەوەی کە لەجەرگەی مانگرتنەکەدا، کرێکاران لیستی ١٢ خاڵی خواستەکانیان بۆ ٦ خاڵ کەمکردەوە، بەرئەنجامی ئەم راستیەیە.

لەکۆتاییدا ئەوە بڵێم کە مانگرتنی چەندرۆژەی کرێکارانی گرین عێراق سەرەرای ئەوەی هەوڵێکی مەزنی کرێکاران و بزوتنەوەی کرێکاریە لەکوردستان و لەزۆر رووەوە دەتوانرێ سەرنجی بۆ بدرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە، کە کرێکاران نابێت ئەم هەنگاوەیان بەکەم بگرن و نابێ هێزی چیانیەتی خۆیان فەرامۆش بکەن. ئەوان تەنها بەهوشیاری خۆیان و پاراستنی ریزی سەربەخۆی خۆیان و تورهەڵدانی هەرجۆرە خۆشخەیاڵیەک بە ئەحزابی دەسەڵاتدارو حکومەت و وەزارەتەکانیان دەتوانن لەخواستەکانیان نزیک ببنەوە. مانگرتنی چەندرۆژەی کرێکارانی کارخانەی گرین عیراق دەتوانێ پرۆڤەیەک بێت بۆ هێنانەمەیدانی بزوتنەوەیەکی بەهێزی کرێکاری بەمەرجێک دەرس لەهەنگاوەکانی وەربگیرێت و بەسەر کەموکورەیەکانی خۆیدا زاڵ بێت.

# هاوسەنگی هێزی پارتی و یەکێتی و یەکریزی کورد!

## عوسمان حاجی مارف

بەدوای زیاتر لە سی ساڵ لە دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکانی کوردایەتی لە هەردوو زۆنی زەردو زۆنی سەوزدا، پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی بەجۆرێک لە ئاستێکی وەها نزم و بنبەستدا خۆی نیشان ئەدات، کە ئاکامەکانی لە ناو جەنجاڵی هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستادا، ئەگەری ئەوە هەیە لەبری شەری ناوخۆ، بەڵاو کارەساتی زیاتر لەسەر ناتەبایی ئەم پەیوەندیەیان بخولقێنن. چونکە ئەوە ئاشکرایە کە کێشەو ململانێ و بارگژیی بەردەوامی نێوان ئەم دوو هێزە، کاریگەری تەواو ناتەندروست ونەرێنی لەسەر جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و چارەنوسی نادیاری ئایندەی دانیشتوانی کوردستان داناوە.

ئەوەی لەناو هاوکێشە سیاسیەکانی ئێستادا جێگای تێبینیە، لە ململانێی نێوان ئەم دوو هێزەدا، گۆرانێکی گەوەرە دەبینین لە نزمبونەوەی ئاستی تەرازوی هێزو پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرامبەر پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا! دابەزینی ئاستی پێگەی بنەماڵەی تاڵبانیە لە بەرامبەر بنەماڵەی بارزانیدا! هەڵبەتە هۆکاری ئەم گۆرانکاریە شاراوەنیە، کە بۆچی لەچوارچێوەی ئەم هاوکێشەیەدا پێگەیەکی باڵاتر بۆتە دەستکەوتی پارتی و توانای بەدەستهێنانی داهاتی زیاترو هەژمۆنی زیاتر لە پێکهێنانی حکومەتدا. لەهەمانکاتدا ئامادەییەکی زیاتر لە رێکخستن و توندوتۆڵکردنی هێزەکەیدا.

بەرزانیەکان لە هەوڵیاندا بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەپاندنی دەسەڵاتیان لە کوردستاندا، بەجیا لە هەر گەمەیەکی سیاسی لە دانوسان و گفتوگۆو رێکەوتن و پیلانگێریان، بەسەر بنەماڵەی تاڵەبانیدا بەگشتی سەرکەوتوبون و پاشەکەشیان بە پلان و نەخشەکانی یەکێتی کردوە. لەوەش گرنگتر بەرزی ئاستی پێگەیانە لە دارایی و ئابوری و کەڵەکەی بێشوماری سەرمایەدا. پارتی هەمیشە وەک رەوتێکی بە نەخشەترو رێکخراوتر دەرکەوتون. هەر بەم شێوەیەش لە پەیوەند بە سەوداومامەڵەو دەخالەتی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان لەکوردستاندا جێگەورێگایەکی تایبەتتریان بە پارتی داوە. هەروەها بۆ پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە وەک لایەنێکی لە پێشترو ئەسڵیتر جێگای بایەخ بون و دەوریان گێراوە. ئەوەی پێویستە لەرەوتی ئەم سی ساڵەدا جێگای سەرنجمان بێت بە هەموو هەوڵەکانی جەلال تاڵەبانی و کێشمەکێشی لە بەرامبەر بەرزانیەکاندا، ئاکامەکەی داکشانی بەرچاوی زۆر و زیاتری پێگەی یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانیە. ئێستاش زەبونی و بارگرانی ئەم دۆخە بەسەر ناڵەی بافڵ تاڵەبانی و نیگەرانی سەرکردەکانی یەکێتیەوە لە جۆری گوتارو رەفتاریاندا دەبینرێت. مەترسی ئەوەیان هەیە پێگەو هەوڵەکانی پارتی بچوکتریان کاتەوە، کە لە واقعدا پارتیش بێباکانە لەهەوڵی بچوکردنەوەی یەکێتیدایە.

ئەم حاڵەتەی کێشمەکێشی پارتی و یەکێتی، تا ئەو ئاستەی رۆڵێکی بەرچاویان لە گەندەڵی و تاڵانی و کەڵەکەی بێشوماری سەرمایەدا دیوەو بەشێک بون لە دۆخی گێژاوو ناجێگیری سیاسی لە کوردستاندا، واقعیەتی پێگەی ئەوپەڕی لاوازی و بودەڵەیی بزوتنەوەی بۆرجوا ناسیۆنالستی کوردە لە بەرامبەر بۆرجوازی وڵاتانی سەردەستدا. ئەمەش مێژووی سەرهەرڵدان و پێکهاتەی بزوتنەوەی کوردایەتیە لە تەواوی دەورانەکانی هەڵسورانی سیاسیاندا. هەمیشە وەک برا بچوک یان نۆکەر بۆ بەشداریان لە دەسەڵاتداو دەستکەوت و بەرژەوەندی هێزەکانیان، ئامادەی ئەوپەری ملکەچی و پاشکۆبونی نەخشەو سیاسەتی

⇦

لایەن و وڵاتانی تر بون. ئەم واقعیەتەیە کە هەرگیز ڕێگای نەداوەو ڕێگا نادات بۆرجوازی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی، یەکڕیزو یەکگرتوبن. هیچ کات نەیانتوانیوەو ناتوانن ئارامی سیاسی ڕاگرن، ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان هەرچیەک بێت، کام لایان لەسەرەوە بێت، بەڵاو بارگرانی بون بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە. لەوەش نادروسترو نابەجێتر نیە کە ئومێدو چاوەڕوانی خەڵک لەسەر ئەو بنەمایە ڕاگیرێت، بەڵکو بە قودرەتی قادر بزوتنەوەی کوردایەتی بتوانێ ڕێگای یەکڕیزی و یەکگرتویی بگرێتە بەرو ئاسودەیی بۆ کوردستان دابین بکرێت!.

ئێستا دەبینین بەهەر هاتوهاوارێک بۆ بانگەشەی یەکڕیزی کورد، بەرزبونەوەی زیاتری ئاستی کێشەکانی پارتی و یەکێتی ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنن کە گۆڕینی هاوسەنگی هێز، بە قازانجی پارتی و بچوککردنەوەو پەراوێزخستنی زیاتری پێگەی یەکێتی بووە لە نێو هاوکێشە سیاسیەکاندا. ئەمەش دۆخەکەی ئاڵوزترو گرژتر کردوە. لە هەمانکاتدا بافڵ و یەکێتی لە دوڕیانێکی داخراوی وەهادا گیریان کردووە، نە ڕێکەوتن لەگەڵ پارتی بە قازانجیانە نە دژایەتیکردنی پارتی. هەربۆیە لەو هاوکێشەیەدا پوچی ماناو جێگای گوتاری یەکڕیزی کورد وەک دروشمێکی ساختە و چەواشەکاریەک زیاتر خۆیمان نیشان ئەدات. ماناو جێگایەکی لە ئاسۆی بزوتنەوەی کوردایەتیدا نیەو نابێتەوە.

بافڵ دوای سی ساڵ زیاتر لەدەسەڵاتی میلیشیایی بەزۆر سەپێنراویان بەسەر زۆنی سەوزدا، لەلایەک خەریکە گاڵتەجاری شەرمەزاری خۆی بۆ خەڵک ڕادەگەیەنێت، لە لایەکی تریشەوە داوا لە پارتی دەکات وەک یەکێتیەکەی ساڵانی پێشو هاوسەنگیەک لە ڕێکەوتن پێک بهێنن. بەڵام تەواوی شپرزەیی و نیگەرانی بافڵ و سەرکردایەتی پەرشوبڵاوی یەکێتی نیشتمانی، لەو شوێنەدا گیریان کردووە کە گەمەی سیاسی ئەم جارەیان ڕێگەیان پێنادات لەگەڵ نوێنەرانی پارتی بە ئاسانی و بەسادەیی دانوسان بکەن. پارتیش مەرجەکانی ڕێکەوتن بەسەر یەکێتیدا زیاتر و ملهورانەترە. یەکێتی دەتوانێ وەک هێزێکی میلیشیا تا دۆخی کوردستان و عێراق لەم بارگرژی و ناسەقامگیریەدا بێت، بونی خۆی لە زۆنی سەوزدا تا ئاستێک بپارێزێت. بەڵام ئەمجارە دوای ئەو هەمو هەنگاوە لە پاشەکشە، یەکێتی ئێتر ناتوانێ لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا یاری و کێشمەکێشی سەرکەتوانە لەبەرامەر پارتیدا تاقی کاتەوەو بە ئەنجامی بگەیەنێت. بەجیا لەوەش باری پەرش وبڵاوی ڕیزەکانی و نەبونی ڕابەریەکی یەکدەست و بەتوانا لە ناو یەکێتیدا، چاوەڕوانی پاشەکشەو قەیرانی زیاتریان لێدەکرێت. بۆیە گەر بە ملکەچی زیاترەوە خۆی ڕادەستی پارتی بکات و ڕێکەوتنی بەهەر قیمەت پێشوازی بکات، چەندین هەنگاوی تر لە بەرامبەر پارتی و هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان و عێراقدا دەچێتە دواوە. لە لایەکی تریشەوە پێگەی ئێستای یەکێتی لەو ئاستەدا نیە، تا سیاسەتی وەستانەوەو بەرەنگاری لەبەرانبەر پارتیدا بنوێنێت.

ئەمەش ئەو دوریانەیە کە نە بە بافڵ و نە بەسەرکردایەتی یەکێتی و نە بە لاهور، ناتوانن ڕێگای چارەسەرو دەرچون لە بەرامبەر یاریەکانی پارتیدا پەیدا بکەن. ڕێگای پەنابردنیان بۆ لایەنی کۆنەپەرست و ئیسلامی سیاسی نەک لەم قەیرانە دەربازیان ناکات، بەڵکو ریسواتر و پەردەوازتر دەبن. لەهەمانکاتدا کۆتایهاتنی ئەو ڕێبازەیە کە چەندین دەیەیە جەلال تاڵەبانی گرتیەبەرو تیا سەرکەوتو نەبوو. دواجاریش شانازی لەبن نەهاتنی "سەفین"ەکەشیان وەک شێرە بەفرینە دەتوێتەوە.

پێویستە بەدوای زیاتر ریسوابونی بزوتنەوەی کوردایەتی و بۆ تێپەراندنی ئەم دۆخە نالەبارە، ئامادەسازی وەستانەوە بۆ کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و ڕۆڵی بزوتنەوەی کوردایەتی برەخسێنین، گەر وانەکەین ئاشکرایە دەبێت چاوەڕوانی سەپاندنی بەڵاو نەهامەتی زیاتریان لێبکەین.

★

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لەپێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.
شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لەپرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.
لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"
پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١

# وەهم بە بەغدا، بەزیانی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەریە!!

**عبدالله محمود**

لەگەڵ هەڵکشانی ڕۆژبەڕۆژی تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، خۆشباوەری بە بەغدا و پرسی گەرانەوە بۆ بەغدا، لە نێو بەشێک لە خەڵکی کوردستان و تەنانەت لەناو هەندێک هێزی سیاسیشدا، دەبیستریت.

هۆکاری سەرەکی ئەوەی بەشێک لە خەڵکی کوردستان خۆزگەی گەرانەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەند و داواکاری مامەڵەی بەغدا لەگەڵ هەرێم بە وێنەی پاریزگاکانی عیراق و تەنانەت هاتنە گۆری پرسی لامەرکەزی... بەدەستەوە دەگیریت، لە بنەرەتەوە پەیوەندی بە کارنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە هەیە، کارنامەیەک لەلایەکەوە برسێتی و هەژاری و دارمان و ویرانبوونی خزمەتگوزارییەکان و بەرینبوونەوەی بێکاری و دواکەوتنی و موچە و برینی موچە و لەلایەکی تریشەوە هێرشی بەردەوامی دەسەڵاتە بۆسەر کەشی نیوە کراوەی کوردستان و پەراویزە زۆر لاوازەکانی ئازادی و ئازادییەکان و هێرشە بۆسەر مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان و لەوەش زیاتر دیار نەبوونی ئاییندەی سیاسییە.

گومان لەوەدا نییە خەڵکی کریکار و نەداری کوردستان، مافی خۆیانە لەپێناو ژیان و گوزەرانی خۆیان و خانەوادەکانیان، بەدوای ژیانێکی باشترەوە بن و بۆی تێبکۆشن. هۆکاری ئەوەی کە ژمارەیەک لە خەڵکی کوردستان بەدوای گەرانەوە بۆ بەغدا یان چاوەروانی ئەوەن موچە و خزمەتگوزارییان زامن بێت، ئەوە دەزانن کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، فەرمانبەران موچە لەکاتی خۆیدا و بێ لێبرین وەردەگرن، کێشەی نەوت و غاز و وسوتەمەنی و هاتوچۆ و ئاو و کارەبایان کەمترە، کە ئەوەش قورسایەکی گەورەی خستۆتە سەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیان.

ئەو خواستەی هاولاتیان بۆ ژیانێکی باشتر و تەنانەت پەرەسەندنی وەهمی خەڵکی کوردستان بەوەی لەژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندیدا ژیان و گوزەرانیان تا ڕادەیەک باشتر دەبێت و کەمێک لە قورسایی سەر شانیان کەم دەبێتەوە، بەر لەهەموو شتێک بەرلەوەی پەسەندی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا بێت، ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتییە، کە هیچ دەرەتانێکی بۆ ژیان و گوزەرانی چینی کریکارو نەداری کوردستان نەهێشتۆتەوە.

بەلام کێشەی سەرەکی وەهم بەدەسەڵاتی ناوەندی و بەغدا لەلایەن بەشێک لە خەڵکی کوردستانەوە، ئەوەیە کە بەهۆی کارنامەی نەنگینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە، خەریکن ڕەوایەتی بەدەسەڵاتی تالانچی و مافیایی هێزە بۆرژوازییەکانی عێراق دەدەن، تارادەی خواستی گەرانەوەی قەڵەمرەوی سیاسی کوردستان بە دەسەڵاتی بەغدا و ناوەندی، ئەوە لەکاتێکدایە چ تالانچیتی و مافیایی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا نادات و چ کارنامەی دەسەڵاتی سیاسی لەناوەند هیچ ڕەوایەتیەک بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد نادات.

ئەگەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد هۆکاری سەرەکی بێدەرەتانی هەمەلایەنەیە بۆ جەماوەری فراوانی خەڵک، و دەمێکە کەوتووەتە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوان و کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە بووەتە خواستێکی بەرینی جەماوەری، ئاواش دەسەڵاتی بۆژوازی عەرەب بە "سونی و شیعی، بە قەومی و ئیسلامی"یەکەیەوە... هۆکاری سەرەکی بێدەرتانی و بێبەشی چینی کریکار و جەماوەری نەدارە و لە ناوەندیش دەمێکە کەوتۆتە بەردەم بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوانی جەماوەریی و ملیۆنییەوە، خۆپیشاندانە ملیۆنیەکانی شوباتی ٢٠١٩ گۆشەیەک لە راپەڕینی جەماوەری بوو بەدژی دزی و تالانی و گەندەڵی و بێمافی و سەرکوتی سیاسی و دەسەڵاتی میلیشیاکان و نۆکەر پیشەییان بۆ ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە...

دابینبوونی موچە و زامنبوونی لانی کەمی سوتەمەنی، لەناو دەریای نەوت و سامانی بێئەوپەڕ و داهاتی فرۆشی نەوتی خەیاڵیدا... لە عێراقدا دەستکەوتێک نییە بۆ خەڵکی بێبەشی عێراق، تا خەڵکی کوردستان خۆزگەی پێبخوازێت... ئەو دەسەڵاتەی لە بەغدا بۆتە ملۆزمی سەر ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و جەماوەری نەداری عێراق، وەکو دەسەڵاتی دزانی سەدە دەناسریت... ئاماری دزی سەدان ملیار دۆلاری کە داهات و قوتی جەماوەری نەداری عێراقە، بۆتە ناسنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا... بەمجۆرە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا، هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هیچ ڕەوایەتیەکیان نییە و هەردوو لایان سەراسەری عیراقیان کردۆتە مەیدانێک بۆ تالانی و دزی کەڵەکەی سەرمایەو نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی دەکەن و هیچ لایەکیان بایی سەرە دەرزیەک پیشکەوتنخواز نین و لە ئاست وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین خواستە زۆر و زەوەندەکانی چینی کریکار و جەماوەری نەداردا نەک نین، بەڵکو لەسەر مژین و دزینی دەسترەنجی ماندووبوونی ئەوان و تالانی ئاشکراو سیستماتیکی

داهاتی جەماوەری بیبەش، ژیانی شاهانەیان بۆ خۆیان و بۆرژازی لە عێراقدا فەراهەم کردووە، لەبەرامبەریشدا دۆزەخێکی ئاشکرایان بۆ چینی کریکار و جەماوەری بیبەش خوڵقاندووە. دزی و تالانی و نەبوونی و بیکاری و گرانی و نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان و نۆکەرپیشەیی ژێر پیخستنی ئیرادەی تاکەکان و کۆنەپەرستی...تاد بۆتە ناسنامەی ئاشکرای هەردوو دەسەڵات لە ناوەند و لە کوردستان. هەر ئەو دەسەڵاتەی لە ناوەند بەسەدان ئینسانی لە خۆپیشاندەران خەڵتانی خوین کرد کە داوای نان و ئازادی و شکۆ ئینسانیان دەکرد و بە هەزارانی بریندار دەستگیر و زیندانی کرد و بە گروپە میلیشیاکانیش دەیان رابەری بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و خۆپیشاندانەکان تیرۆر کرد، هاوشانی دەسەڵاتی بۆژوازی کوردە لە سەرکوتی نارازیان و خۆپیشاندەران و راوەدونان و کە نموونەکانی لە ١٧ شوبات و رۆژانی دواتردا، بوونەتە ناسنامەی درندەیی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد لە بەرامبەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەیدا...

خواست و خۆزگە خواستن یان خۆشباوەری بەوەی دەسەڵاتی ناوەندی ببیتە جێگای ئومید بۆ باشتربوونی ژیانێکی باشتر و دەستراگەیشتن بەبەشیک لە داواکارییەکان، نەک هەر وەهمە، بەڵکو لەوەش زیاتر دەرگا بەرووی خەباتی جەماوەی خەڵکی کوردستان بەڕووی هەر ئاڵوگۆڕ و باشبونێکی بەرچاو بە خەباتی خۆیان دادەخات و گورزی سەرەکی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستاندا دەسرەوێنێت. جیا لەوەش دەبێتە هۆی خۆشباوەری بەخشین بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی رەنگاو رەنگی بۆرژوازی عێراقدا.

ڕێگای زامنبوونی موچە لەکاتی خۆیدا و زیادکردنی، دەستراگەیشتن بە سوتەمەنی، فەراهەمبوونی خزمەتگوزارییەکان و فراوانکردنەوەی پەراویزەکانی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و...تاد. گەرانەوەو خۆزگەخواستن بە گەڕانەوەی قەڵەمرەوی سیاسی کوردستان بۆ ژیر دەسەڵاتی ناوەندی یان سیستەمی لامەرکەزی، نییە، بەڵکو لە هەنگاوی یەکەمدا بەندە بە رووبەرووبونەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و دریژەدانە بەخەباتی جەماوەری و ریکخرابوون تا رادەی دەرهێنانی ئەم کۆمەڵگەیە لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان. وە راکیشانی پشتیوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری عێراقە بۆ خواستەکانیان و لێک هەڵپێکانی خەباتیانە لەگەڵ یەکتری، و وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوا-ناسیونالیستی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتداریتی شوراییە...

تەنانەت نابێ بیرمان بچیت کە فیدرالیزمی قەومی کە ریکەوتنی سیاسی نێوان بۆرژوازی کورد و عەرەبە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، هۆکاری ڕاستەوخۆی گرفتاربونی کوردستانە بەجۆرەها کێشە و گرفت... بۆیە بۆژوازی عیراقی نە هیچ نزیکایەتیەکی لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان لەهیچ ئاستیکیدا نییە، بەڵکو پشتیوان و دەست لەناو دەستی بۆرژازی کوردە بەدژی خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستان، بۆیە هەر چەشنە خۆشباوەرییەک بە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا، لەلایەکەوە رەوایەتیدانە بەدەسەڵاتی تا سەرمۆخ کۆنەپەست و دژە ئینسانی بۆرژوازی عیراقی و هاوکات گورزێکی گەورە لە هاوخەباتی نیوان خەڵکی بێبەشی عیراق و کوردستان دەدات و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریش لە کوردستاندا، زیانبار دەکات. بەهێزکردنی گیانی هاوخەباتی و هاوپشتی چینی کرێکاری کوردستان لەگەڵ چینی کرێکار لە عێراق و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئەو ڕیگا دروست وکارسازەیە کە دەتوانێت هەم داواو داخوازییە دەستبەجی و رۆژانەیەکانی دابسەپێنێت و هەم پرۆسەی راماڵینی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و هێز و دەسەڵات و هێزە قەومی و دینییەکان، لە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا بباتە پێشەوە.

مارسی ٢٠٢٣

---

**ڕەوتە بۆرژوازییە نارازی و ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵی ئەوەدان خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نەسەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەلات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەلاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.**

بەشێك لە بەڵگەنامەی": کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستایە!" پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب کانونی یەکەمی ٢٠٢١

# رژێمی ئێران خوێندکاران کیمایاران دەکات !

مستەفا باهیر

بۆماوەی نزیکەی شەش مانگ دەچێت جەماوەری ئازادیخوازی ئێران دژ بەم رژێمە کۆنەپەرستە هاتونەتە مەیدان. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پۆلیسی رەوشت لە " ١٦ی ئەیلولی ٢٠٢٢ " کچێکی گەنجی بەناوی (مەهسا ئەمینی) کە بەسەردان چوبوە تارانی پایەتختی ئێران، بەهۆی باش نەپۆشینی حجابەوە دەگرێت و پاشان لە ژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێت. لەدوای ئەم کارە دژە ئینسانیەی پۆلیسی رەوشت، خەڵکی ئێران رادەپەرن و دەرژێنە سەر شەقامەکان. ژنان و کچە خوێندکارەکان لەدەیان شاری ئێرانەوە پەیوەست دەبوون بە ریزی خۆپشاندەرانەوە. لەم بارەیەشەوە لەسۆشیال میدیادا بەسەدان گرتەڤیدیۆیی لەبەردەستە کە خوێندکارە کچەکان لە تارانەوە تا کوردستان چۆن سەرپۆشەکانیان رادەوەشاند و دروشمیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەوتەوە سەرپۆشەکانیان ئاگرتێبەردەداو وێنەی خومەینی و خامنەیی لەناو کتێبەکانیاندا دەدراند. لەناو پۆلی خوێندندا دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ژن، ژیان، ئازادی" و "نا بۆ سەرپۆش" یان دەنوسی. بەم کارەشیان کچانی خوێندکار لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز، ئێرانیان کردوەتە مەیدانی داهێنانی شۆرشگێرانەی ئەوتۆ کە هەموو جیهانی سەرسام کردوە. ژنان و لاوان و خەڵکی ستەمدیدە رۆژانە بەداهێنانی گەورە تین و تەوژم بە ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی دەدەن. لەراستیدا لەماوەی ئەم شەش مانگەدا خەڵکی هەموو جیهان بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی لە ژنان و لاوان و خەڵکی شۆرشگێری ئێرانەوە فێری زۆرشت بوون. فێری ئەوەبوون کە لەسەدەی بیستویەکیشدا سەرباری هەژمونی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانی، سەرباری هەژمونی ملهوری عەسکەری و فکری و سیاسی دەوڵەتانی سەرمایەداری، سەرباری لە قاڵبدانی بیروهۆشی مرۆڤایەتی بە بیری خورافی، هێشتا ئیرادەی ئینسان لەسایەی سەرکوتگەرترین رژێمی هاری سەرمایەدا، دەتوانی و بگرە توانیویەتی بێتەمەیدان و هەوڵدەدات بەدەستی خۆی چارەنوسی خۆی بنوسێت. لەمرۆدا جیهان ئەم راستیە بەرجەستە و مەزنە، بە کردەوە دەبینێ و هیوا و ئومێد و هێزی لێوەردەگرێت.

بێگومان هاتنەمەیدانی ژنان بەوشێوە جەسورانەیە، کە رابەرایەتی نارەزایەتیەکان دەکات، دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، بەزەنگێکی ترسناکی دەبینیەوە بۆ خۆیان. هەربۆیە رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتیەکان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی دەستی برد بۆ شێوازی جۆراوجۆر بۆ سەرکوتکردنیان. بەدەیان لە هەزاری خۆپیشاندەرانی دەستگیر کرد، کە لەناو ئەوانەدا بەشێکیان رابەرانی ژنان بوون. بەدوای ئەوەی بەندیخانە چۆکی بە ژنان دانەدا، دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی کە هەمیشە دژی ژنان بووە بۆ ترساندن و سەرکوتکردنیان بەشێوەی جیاواز هەوڵی دەدا کە ژنان و خوێندکارە کچەکان سەرکوتبکات و بیانترسێنێت. لەرێگای بەکارهێنانی چەکی تایبەتەوە کەوتە کوێرکردن و ناکامکردنی ئەندامی زاوزێی کچان. کاتێک ئەمانەش نەبوە هۆی بێدەنگکردنی ژنان و بگرە جەسورانەتر هاتنە مەیدان. ئەمجارەیان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە کچان و ژنانی ئازادیخواز ، رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران بەشێوەیەکی زۆر درندانەو قێزەون دەستی کردوە بە رشتنی گازی کیمیایی لە قوتابخانەی خوێندکارە کچەکاندا. تادێت هێرش بە گازی کیمیاوی بۆ سەر خوێندنگەکانی کچان لە" کوردستان و ئێران " پەرەدەستێنێت. ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە بە سەدان کچە خوێندکار لە چەندین شاری ئێران باری تەندروستییان تێکچووە و رەوانەی نەخۆشخانە کراون.

بە گوێرەی ئامارێک تەنها "رۆژی ٦ی مارس" لانیکەم لە ٣٣ شاری کوردستان و ئێران، کە لەناویاندا تارانی پایەتختی تیایە، ژمارەیەک خوێندگەی دیکە کەوتنە بەر هێرشی کیمیاوی، لە ئەنجامدا بە دەیان خوێندکار گەیەندرانە نەخۆشخانەو کەسانیکیش بەهۆی ئەو گازانەوە ژیانیان لەدەستدا. هەرچەندە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران لێدوانی دژبەیەک لەوبارەوە دەدەن و خۆیان وا پیشاندەدەن کە دژی ئەوکارەن، بەڵام تەنها لایەنێک کە سودمەندبێت بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی لەوشێوەیە تەنها رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانە . هەر وەک "ئەبولفەزڵ قەدیانی" ، چالاکوانی سیاسی ناسراوی ئێرانی لە پەیامێکدا دەڵێت " ئامانج لەو هێرشانە بۆ سەر خوێندنگەکانی کچان، تۆڵە سەندنەوەیە لە بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی".

بەرامبەر بەم کارە درندانەیەی رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، ئەنجومەنی هاوئاهەنگی پیشەیی مامۆستایان داوای کردووە، لە دژی هێرشە کیمیاویەکان بۆ سەر خوێندنگەی کچان رۆژی حەوتی ئەم مانگە واتە ( ٧ی مارس) خۆپیشاندان و نارەزایەتی سەرتاسەری بەرێوەبچێت. بەشێک

لە کەسوکاری خوێندکاران لە چەند شاری جیاواز لە ئێران بەدەنگ ئەم بانگەوازەوە هاتن و ڕژانە سەرشەقامەکان و دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و ناڕەزایەتیان بەرامبەر بەم کارەی ڕژێم دەربڕی، بەڵام لەلایەن هێزەکانی دەسەڵاتەوە هێرش کرایە سەریان . بۆ وەستانەوە دژی ئەم کارە درندەیەی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران پێویستە شانبەشانی ژنان و خەڵکی نارازی ئێران، ئازادیخوازان لە جیهاندا بێنەمەیدان و ئەم ڕژێمە کۆنەپەرستە ریسوابکەن و بەهەرشێوەیەک پێیان دەکرێت پشتیوانی ژنان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بکەن. هەموو پێکەوە لە هەموو سەنگەرەکاندا دژی زوڵم و ستەم بوەستینەوەو پێکەوە هەوڵبدەین بۆ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە هارو درندەیە. هەروەها پێویستە هەموو ژنانی شۆڕشگێڕ لە دژی دەوڵەتی ئێران و لەپێناو مسۆگەرکردنی ئازادیی خۆیان، خۆیان ڕێکخراوبکەن و لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێراندا پەیوەندی بەهێز دروست بکەن. تاوەکو پێکەوە بەیەک دەست بتوانن کۆتایی بەم ڕژێمە کۆنەپەرستە ئیسلامیە بهێنن.

٨ مارسی ٢٠٢٣

# ٨ی مارس، ڕۆژی ڕاوەستانەوەیە بەدژی جیاکاری و ژنئازاری!
# ڕۆژی توندکردنەوەی خەباتە بۆ ئازادی و یەکسانی!

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نیزامی سەرمایەداری، دروستکردن و پەرەدانە بەجیاکاری و ناکۆکی لەنێوان ئینسانەکاندا. هێشتنەوە و قوڵکردنەوەی جیاکاری جنسی لەنێوان ژن و پیاودا لەبواری ئابوری و سیاسی و یاسایی و فەرهەنگی و تاد. یەکێک لەو مەیدانانەی جیاکاریە کە لەلایەک بۆ پارچەپارچەکردنی ریزەکانی کرێکاران و لەلایەکیتریشەوە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی بورژوازی و کەڵەکەی سەرمایە دەستی بۆدەبرێت. بۆرژوازی کوردیش وەکو بەشێکی لێکهەڵپێکراو لەگەڵ بۆرژوازی جیهانیدا، جیاکاری نێوان ئینسانەکان بەگشتی و جیاکاری ڕەگەزی نێوان ژن و پیاو بەتایبەتی، کردۆتە یەکێک لەپایەکانی دەسەڵات و سیستەمەکەی. بۆ ئەم مەبەستەش نەک هەر ژنانی کوردستانی لەگەڵ بێمافی وسەرکوت وستەمگەری بەرەوڕوو کردۆتەوە، بەڵکو لەڕێگای دەمەزردکردنەوەی بیروباوەڕی خێڵەکی وپیاوسالاری و تێکەڵکردنی دین لەگەڵ یاساکاندا و شۆرکردنەوەی بۆناو ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕەشەکوژی ژنان و ناچارکردنیان بەخۆسوتاندن و خۆکوژی کردۆتە دیاردەیەکی قێزەون و باوی نێوکۆمەڵگا.

لەسایەی دەسەڵاتی چەند دەیەی ڕابردووی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورددا، سەرەڕای ئەو توندوتیژی وسوکایەتی و بەکەم سەیرکردن وهەڕەشەیەی کە بەئاشکرا لەمیدیاکانەوە دەکرێتە سەریان، گرانی و بێکاری و هەژاری لەو هەلومەرجە سەختە ئابوریەدا بۆتە هۆی ئەوەی باندەکان و بازرگانەکانی سێکس بکەونە ڕاوکردنی ژنانێک کە ناچارن بۆ تێرکردنی سکی خۆیان و منالەکانیان پەنا بۆ لەشفرۆشی بەرن، یاخود ئەو ژن و کچانەی دۆخی شەڕو نائارامی بێکەس و بێسەرپەرشتی کردوون، ڕاپێچی کاری لەشفرۆشی بکەن. کە بەشی هەرەزۆری ئەو باندانە دەستیان لەگەڵ حزبە دەسەڵاتدارەکاندا تێکەڵە. لەلایەکیترەوە ژنانی کوردستان بەگشتی نەک لەکاری ناوماڵ و لەدەورانی دایکایەتیدا، هیچ بیمەیەکیان پێنادرێ و کاری خۆراییان بەسەردا دەسەپێندرێ، بەڵکو ژنانێک کە کاردەکەن، لەئاستی کرێ و بەدەستهێنانی کارو پسپۆڕیدا، جیاکاریان لەگەڵ دەکرێ و لەبچوکترین ماف و ئیمتیازات بێبەری دەکرێن. لەمانەش زیاتر، حزبەکانی نێو دەسەڵات هەرکاتێک لەگەڵ قەیران و تەنگژەو ناکۆکی نێوانیان بەرەوڕووبونەتەوە، دەستیان بۆ ڕەوتە ئیسلامیەکان درێژکردوە فرسەتی ئەوەیان پێداون تا هێزی کۆنەپەرستانەو پیاوسالاریان بۆسەر ژنان و مافە فەردی و مەدەنیەکان لەکۆمەڵگادا وەگەڕبخەن و فەزای کۆنەپەرستی لەدژی ژنان و ڕێکخراوەکانیان هەڵخڕێنن.

بەڵام ژنانی کوردستان ئەمساڵ، لەکاتێکدا خۆیان بۆ پێشوازی لە ٨ی مارس ئامادە دەکەن، کەبزوتنەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێڕانە لەشارەکانی ئێران پێیناوەتە مەیدانەوەو ئەوە ژنانن کە لەڕیزی پێشەوە ئالای ڕزگارکاردنی ژنانی لەکۆتوبەندی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و دەسەلاتی ئیسلامی سەرمایە، بەرزکردۆتەوە. بزوتنەوەیەکی ئاوا کە ڕاستەوخۆ قەڵای کۆنەپەرستی لەناوچەکدا لەرزاندوە، بەدڵنیاییەوە کاریگەریەکی قوڵ لەسەر بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی کوردستان و خەبات بۆ پاشەکشەپێکردن بەڕەوتە ئیسلامیەکان دادەنێت. ئەو شۆڕشەی کە کرێکاران و لاوان و ژنانی ئێران، بروسکەیان لێداوە، فرسەتی کردۆتەوە بۆ ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان تا

خەباتی خۆیان چڕبکەنەوە بۆ گەیشتن بەماف و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکانیان. هاوکات دەرگاش بەڕووی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بۆژوازی کورد و پاشەکشەپێکردن بەکۆنەپەرستی، بخەنەسەرپشت. ٨ی مارسی ئەمساڵ، جێگایەکی تایبەتی هەیە لەڕاوەستانەوە بەڕووی سیاسەتی دژەژن و پیاوسالاری دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و کەنارخستنی رەوتە ئیسلامیەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی کە بۆتە ناسنامەی دژە ئازادی و دژە ژنی کە بەسەر کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا داسەپێندراوە.

ژنان و پیاوانی ئازادیخواز!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، کەرزگاری و یەکسانیی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان بە بەشیک لەخەباتی دانەبڕاوی چینی کرێکار بۆ گەیشتن بەئازادی و یەکسانی و کۆمەلگایەکی خۆشگوزەران، دەزانێت و بۆی تێدەکۆشیت. هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەئێستادا دیفاع لەماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان و هێنانەکایەوەی سیستەمێکی سکولاری نادینی و ناقەومی، کە یەکسانی هەمەلایەنەی نیوان ژن و پیاو بکاتە بنەمای بەڕیوەبردنی کۆمەڵگا، بەبەشێک لەخەباتی جەماوەری ناڕازی کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئەحزابی بۆرژوازی کورد دەزانیێ و لەڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتەدا بەتەواوی تواناوایەوە ڕادەوەستێت. دەبا لە٨ی مارسی ئەمساڵدا ژنان و بزوتنەوە یەکسانیخوازەکەی وەک بەشێک لەنارەزایەتیە جەماوەریەکان بۆ ئازادی و باشبژێوی، بەپێکهێنانی دەستەکانی ژنانی ناڕازی و بەخواستی خۆیانەوە پێبنێنە مەیدانەوە. با ٨ی مارسی ئەمساڵ بکەینە ڕۆژێک بۆ خەباتی یەکگرتوانەی ژنان و پیاوان، لەدژی ژنئازاری وکۆنەپەرستی، باچیتر ڕیگا نەدەین دەستی پیاوسالاران و کۆنەپەرستان و دەسەڵاتداران بۆسەر ژیان و کەسایەتی و حورمەتی ئینسانی ژن درێژ بێت، با ٨ی مارس ڕۆژێک بێت بۆ شەکاندنەوەی ئاڵای ئازادی و یەکسانی.

**بژی ٨ مارس، بژی یەکسانیی هەمەلایەنەی ژن و پیاو!**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی**
**کوردستان**
**مارسی ٢٠٢٣**

# ڕا پەڕینی جەماوەری

## مەنسور حیکمەت



( تێبینی: ئەم باسەی مەنسوری حیکمەت وەڵامە بە ڕەخنەی عبدللەی موهتەدی لە مەنسوری حیکمەت و هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی کوردستانی عێراق. عبدلله موهتەدی لە ڕابەرانی ناسیۆنالیستی ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. باسەکە لە دوو بەش پێکدێت. ڕاپەڕین بەمانا گشتیەکەی و ڕپەڕین بەمانای تایبەتی. ئەم بەشەی ئێستا بڵاوی دەکەینەوە لەژێرناوی ڕاپەڕینی جەماوەری، مەبەستی لە ڕاپەڕینە بەشێوەیەکی گشتی وەکو کردەیەکەی جەماوەری. لە ژمارەی داهاتوودا بەشی دووەم، واتە ڕاپەڕین بەمانای تایبەتی، بڵاودەکەینەوە. وەرگێڕانی: موحسین کەریم- مارسی ٢٠٢٣)

بەڵام سەبارەت بە دوو جەمسەری حەق و باتڵ، بگەڕێنیەوە بۆ پرسیاری سەرەکی هاوریێ موهتەدی: "مەسەلەی کورد باسێکی زۆر رۆشنە؛ ئایا هاوریێ حیکمەت ئەوەی قبوڵە کە لە کوردستانی عێراقدا ڕاپەرینێکی جەماوەری رویداوە، ڕاپەڕینێک کە پێویستە کۆمۆنیستەکان پشتیوانی بکەن، لایەنە ڕادیکاڵەکانی بەهێزبکەن، پشتیوانی لە باڵە کرێکاری و سۆشیالیستیەکەی بکەن؟ یان بەپێچەوانەوە ئەم جوڵانەوەیە وەکو "یاخیبوونێک"ی سەرچاوە گرتوو لە هاندانی ناسیۆنالیستی، یان "١٥ی خورداد" یاخود "بزوتنەوەی ئەفغانستان"ێکی دیکە دەزانێت کە شایستەی هیچ جۆرە پشتیوانیەکی کۆمۆنیستەکان نیەو دەبێ ریسوا و کەناربخرێت؟"

با لە دووجەمسەری "یان ئەم یان ئەو" بگوزەرێین و وەڵام بەو پرسیارانە بدەینەوە. وادەردەکەویێ کە هاوریێ موهتەدی ووشەی ڕاپەڕین لە نوسراوەکەیدا هەرجارەی بەجۆرێک بە مانای گشت ( هەڵسان، ڕاپەڕین، بزوتنەوەو خەبات) و بە مانا تایبەتەکەی ( دەستدانە چەکی جەماوەر لەدژی دەسەڵات) بەکاردەهێنیێ. توانایەکی زۆر سەرف دەکات تا بیسەلمێنیێ کە خەڵکی کوردستانی عێراق( و خوارووی عێراقیش) دوای کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق ئەمریکا دژ بە دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین، و بۆ بەرگری لە باسی دوو قۆناغ بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە دەڵێت کە ئەگەر خەڵک ڕانەپەڕیون ئەی چۆن ئاوارەبوون! گوایە لایەنی بەرامبەر ئینکاری روودانی هەڵسانی سیاسی و چەکدارانەی خەڵک لە کوردستانی عێراق دەکات.

من و هاوریێ موهتەدی گوێمان لە هەواڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن بووەو ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەمان

خوێندۆتەوە و بێگومان دەزانین کە دوای تەوابوونی شەڕ لە باشوور و باکور، واتە کوردستان نارەزایەتی جەماوەر پەرەی سەندووە بەخێرایی گۆڕاوە بۆ هێرشێکی چەکداری فراوان بۆسەر رژێمی عێراق. هەردوکمان لەبیرمانە کە شارەکانی کوردستانی عێراق دەستیان بەسەردا گیرا.

بەهەرحاڵ رۆشنە کە بە هەردوو مانای گشتی و تایبەتەکەی ئەو راپەڕینەی هاوڕێ موهتەدی باسی دەکات لە کوردستانی عێراق، روویدا. ئەگەر کێشەیەک هەیە بەدڵنیاییەوە لەسەر خودی ئەم راپەڕینە "بە مانا گشتی و تایبەت"ەکەیەتی. هەڵسەنگاندنەکەی هاوڕێ موهتەدی راشکاو، رۆشن و قابیلی تێگەیشتنە و من وەکو کەسێک کە تەمەنێکم لەگەڵ سەروکەلە لێدان لەگەڵ پۆپۆلیزمدا سەرفکردوە "وادەردەکەوێ ئێستا بڵێم بەفیرۆداوە" سەروژێری ئەم هەڵوێستە بە باشی دەناسم. چەمکی سەرەکی لەم بۆچوونەدا خەڵک یان جەماوەر، خەڵکی یان جەماوەریە. ئایا مەنسور حکمەت بڕوای بەوە هەیە کە لە کوردستانی عێراقدا "راپەرینێکی جەماوەری" رویداوە؟ مەنسور حکمەت دەمێکەیە بەمجۆرە چەمکانە پێناسەی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی نەکردوەو پێشیوایە کە ئەوانی دیکەش دەکرا بەوجۆرە نەکەن. راپەڕینی خەڵکی مانای چیە؟ ئایا ووشەی خەڵکی بەمانای "لەلایەن خەڵکەوە" و " بەبەشداری خەڵک' دەگەیەنێت؟ ئەگەر بەوجۆرەیە، ئەوا ئەمە تایبەتمەندی هەموو بزوتنەوە گشتگیرە کۆمەڵایەتیەکانە. بڕوا بکەن پانزەی خورداد و لەوەش روونتر بزوتنەوەی ئەنفغانستانیش بەم پێوانەیە یەجگار "جەماوەری" بوون. دوو لایەنی کێشمەکێشی نێوان تورک و ئەرمەنی لە سۆڤیەت بزوتنەوەی جەماوەری بوون، کەسێک بزوتنەوەیەکی دیکەی جەماوەریتر لە بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازی لیتوانیا شک دەبات؟ یان کرواتیەکانی یوگوسلاڤیا؟ یان سربەکانی کرواتیا؟ بزوتنەوەی نارەزایەتی لایەنگری بازاڕ لە بلوکی رۆژهەڵات یەجگار جەماوەری بوو. بەم مانایە من ئۆتۆماتیک بەرگری لەهەموو بزوتنەوەیەکی "جەماوەری" ناکەم و بەرگریەکی لەوجۆرەش بەهەڵوێستێکی 'کلاسیک'ی کۆمۆنیستی نازانم. سەبارەت بە هەریەکە لەو بزوتنەوانەی سەرەوە چەندین سەرنجی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و لەیەک ووشەدا چینایەتیم هەیە کە وادەکات ئێمە تەنها بەهۆی جەماوەری بونیانەوە ئۆتۆماتیکی پشتیوانییان نەکەین.

.........

بەمجۆرە وەڵامی من بە رووداو یان روونەدانی راپەڕینێکی جەماوەری لە کوردستانی عێراق بەمانای بابەتیی ووشەکە(بەشداری جەماوەری خەڵک) ئیجابیە. بەڵام لایەنی سەبجەکتیڤ(زاتی) پرسیارەکە، واتە بەکارهێنانی ووشەی جەماوەری بەمانایەکی سیاسی ئیجابی کە گوایە دەبێت بنەمای شێوەمامەڵەی کۆمۆنیستەکان پێک بهێنێ، لەڕوانگەی منەوە بێمانا و دواکەوتوانەیە. گۆڕانکاریەکانی کوردستانی عێراق دەرخەری جموجوڵ و کاروکاردانەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان بوو کە ناتوانرێ هەموو ئەوانە لەژێر ناونیشانی گشتیی راپەڕینی جەماوەری دا کۆبکرێنەوەو مامەڵەیەکی گشتی بەکۆی ئەوان بکرێت. لەم گۆڕانکاریانەدا رەوەندی پێشرەویی کرێکاری و سۆشیالیستی لەکەنار و لەکێشمەکێشدا لەگەڵ جوڵانەوەی دواکەوتوانەو کۆنەپەرستانەی چینەداراکاندا دەبینین. توخمی شۆڕشگێڕ و کۆنەپەرست، جموجوڵی کرێکاری و بۆرژوایی، هاوکاتی یەکتر هاتونەتە مەیدانەوە. ئەوەی روودەدات، لە دروشمەکان، لە راپەڕین، لە شکست، لە ئاوارەیی، لە تێگەیشتن و میزاجی خەڵکدا، لە کاری رێکخستن و جیاکاریەکاندا و تاد.. ئاکامی تەکامول و پێشڕەوی و پاشەکشەکانی یەک بزوتنەوە نیە. ئاکامی کارو کێشمەکێشی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و چینایەتیە جیاوازەکانە.

بەمجۆرە ئایا من پشتیوانی لەم راپەڕینە جەماوەریە دەکەم؟ لەم روداوانەدا من بەرەهایی تەنها پشتیوانی لە بزوتنەوەی چینایەتی خۆم دەکەم و تەنها هەنگاوە دروست و رۆشنبینەکانی بەڕاست دادەنێم. جیاکردنەوەی ئەم بزوتنەوەیە لە سەرجەم جموجوڵە سیاسی و چەکداریەکانی جیاواز لەو بە مەرجی پشتیوانیلێکردنی راستەقینەی دەزانم.

لەپەیوەند بە بزوتنەوە غەیرە کرێکاری و غەیرە سۆشیالیستیەکانەوە، لەچەشنی بزوتنەوەی میللی، من پشتیوانی لە خواستی دیموکراتیک و ئامانجی رەوای لابردنی ستەمی میللی دەکەم بەبێ ئەوەی پێویست بێت بەرگری لە بزوتنەوەیەکی دیاریکراو بکەم کە لەسەردەمێکی دیاریکراودا لەژێر ئاڵای ئەم خواستەدا کەوتوتەڕێ و یاخود لەوشێوە عەمەلیانەی کە ئەم بزوتنەوەیە لەخۆی نیشاندەدات. لە پەیوەند بەم حاڵەتە تایبەتەوە، واتە لە پەیوەند بە کارکردی بزوتنەوەی میللی لە کوردستانی عێراق لەجەرگەی قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەشێوەیەکی تایبەتی، نەک هەر پشتیوانی ناکەم، بەڵکو بڕوام وایە ئەم بزوتنەوەیە خۆی هاویشتۆتە باوەشی کۆنەپەرستی ئیمپریالیستیەوە لە ناوچەکەدا، لەئاستی جیهانیدا ئاو بەئاشی دامەزرێنەرانی نیزامی نوێی جیهانیدا دەکات، و یەکێک لە بەشدارانی سەرەکی پێشگرتن بەرەوەندی بەرەوپێشچوونی خەباتی کرێکاری و سۆشیالیستی و بەخوێنکێشان و ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستانی عێراق بووە.

**ماویەتی.....**